کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 19:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دەستەکانت ماچ ئەکەم وەستا حەسەن ... ناسر عەزیز هەورامی

لەژمارە 297هەفتەنامەی میدیا، کەبەرواری2007/7/10دەرچووە خەبەرێکم خوێندەوە، باوەڕم پێبکەن لەخۆشیاندا چاوم پڕبوو لە فرمێسک. خەبەرەکەش ئەمەیە[پاڵەوانەکانی ئاسایش دەستیان گرتوەبە سەر 350تەن دەرمانوو، خواردنی بەسەرچوو]. فێنکایەک بەدڵم داهاتوو، شوکرانە بژێری خوام کردوو، بۆم دەرکەوت، کەهێشتا کوڕانی ئاساییش بەئاگانو، ئەزانن چۆن ئیشی خۆیان ڕاپەڕێنن. لەلای منو هەمووکەسێک کەکوردستانی خۆشبوێت بالآی وستاحەسەنوو کوڕانی بەجەرگی ئاسایش، بەقەدەر کێوەکانی هەورامان بەرزتر بووە، هەمووومان فەخروشانازی بەو بەڕێزانەوە ئەکەین، کە خەوی شەوانیان لەخۆیان حەرام کردوە، بۆگرتنوو ئاشکراکردنی ئەو دزوو، جرج و، ماستاوچیوو، ئەوانەشی لەداوایانەوەن پستیان ئەگرن، ڕەوانە گرتنیان بۆ دادگا. ئەمانە بێجگە لەوەی بدرێنە دادگا، هەقوایيە ڕووشیان ڕەشبکرێتوو، بیان گەڕێننبەناو بازاڕەکاندا، بۆئەوەی هەمووکەس بیاننانسن. ماڵو موڵکیشیان دەستی بەسەردا بگیرێت.

بەڵام بۆدادگایی کردنیان، پێویست ناکات بەو یاسایە کە ئاماژەی پێکراوە، دادگایی بکرێن، جوونکە ئەمانە بەشێوەییکی تر پێویستە حسابیان بۆبکرێت حسابی[ عەلی کیمیایی]یان بۆبکرێت، چونکە ئەوانیش بەشێوەییکی تر ئەنفالوو، کیمیابارانیان بۆ بکرێت. بەهەمان شێوەو بەهەمان بڕگەی یاسا حسابیان بۆ بکرێت، بەڕاستی ئەمانە دەستیان لە کوشتنی گەنجانی کوردەوە هەیە، کە توشی نەخۆشی جۆراو جۆر بوونو، گیانیان لە دەست داوە. ئەوەش پێویستی بە بەڵگەنیە، ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆری وا دەمرن، سەبەبەکەشی هەر ئەو خواردنە ئێکس پایرانەیە. دەوڵەمەندەکانیش بە بەرجاوەوەن، پێویستە گەل مەحکەمەییکی عادلانەییان بکاتو بەسزای گەل بگەن.

من پێشتر لە جەند نووسینێکمدا، ئامازەم بەو بابەتە داو ئینجا نازانم تا جڕادەییک ئەو نووسنینانەی من، لەلاییەن کوڕانی بەجەرگی ئاساییشەوە سودی لێ وەرگیراوە؟ جا سودتان لێوەرگرتوە یان نا، من دوبارەو هەزار بارە دەستان ماچ دەکەموو، بەتەمای هییمەتانینو یاخوا هەرخۆشبن ۆخزمەت کردنی کوردستان، هە بەوشێوەییە دەتوانن خزمەت بەحزبەکەتان بکەنو، فەخروو شانازی بەخۆتانەوە بکەن، . بزانم کێ ئەتوانێت بەم کارە جوانەتان بڵێت خراپە؟ بەڵام تکاتان لێدەکەم وریای خۆتان بن، چونکە ئەو چڵکاو خۆرانە، شاهەدەی بەرزی ماستاو ساردکردنەوەو[... ] یان هەیە، کارتان لێنەکەنو لێیان ببورنوو لە خەڕۆتان ببەن، وەسێلەی ماستاوو مامەحەمەییان زۆر بەقووەتە. دوبارە تکاتانلێئەکەم وریای خۆتان بن، لەخەڕۆتان نەبەن.

بەڕێز وەستا حەسەن، کەهاتمەوە بۆ کوردستان، ئەگەر ڕێگەیان پێدام بگەمەلات، نموونەیێک لەو چڵکاو خۆرانەت بۆ باس ئەکەم.

مێژوناس
ناسر عەزیز هەورامی
هۆڵەندا_لاهای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.